# مەرگی زمان بە وشەکانەوە دەستپێدەکات

محەمەد ڕەحیمی



**زمان، گرێبەبەستی کۆمەڵگەیە.**

ژیانی مرۆڤ لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا لە دونیای ئەمڕۆو داهاتوو پڕئالۆزە، ئاڵوگۆڕییەکان بەئەندازەیەک بەپەلە پێکدێن کە زۆر سەرسوڕهێنەرن، بڕێکیان دیارن‌و بڕێتریان نادیار، ئەمڕۆ تەواوی گێتی بەدەستی مرۆڤەوە بەکەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیاو ئابوورییەکی پێشکەوتوو لە پرۆسەی بەرەوپێشچووندایە. ڕەنگە لەم پرۆسەدا خەسارێکی بێ قەرەبوی لێبێتەوەو کورد گوتەنی: (دووکەڵی بڕواتە چاوی هەمووان). ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، کە ژیانی مرۆڤ ئەو کاتە مانا دەبینێ کە لە دەستکەوتەکانی بەهرەمەند بێت.

مرۆڤ بەکۆمەڵ دەژیو فاکتەرێکی گرینگ بۆ گرێبەستی کۆمەڵگەی مرۆڤ زمانە.

لەلایەک پێویستی بەهەرەمەندی لەدەستکەوتەکانو ڕاگەیاندنو گرتنی چەمکەکانی جۆربەجۆری ژیان بەهۆی زمانەوە پێکدێن، لە لایەکیدیکەوە سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی پێویستی بەگۆڕانکارییە. زمانیش پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەیەو میراتێکی زیندووە کە ڕۆڵگەلێکی زۆری لە ژیاندا هەیە، گرینگترین ڕۆڵی پێکهێنانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین مرۆڤ یانی کۆمەڵگەو کۆمەڵگەش یانی زمان، کۆمەڵگەی مرۆڤ یانی ئاڵوگۆڕیو زمانیش بەو پێیە یانی گۆڕانکاری. گەر ئاڵوگۆڕی لە تایبەتمەندییەکانو خواستی مرۆڤە لە زمانیشدا نەرێتێکی حاشاهەڵنەگرە.

زمانەکان لە مێژوویاندا هەورازو نشێوی زۆریان بەخۆوە دیوە، هەموو کاتەکانی ژیانیان بەگۆڕان بردووەتە سەر، هەر ئەم هۆیە بڕێکیانی تا لێواری مردن بردووەو فەوتاندونیو بڕێکیشی لە داوێن زمانێکی دیکە بە دونیا هێناوە.

دوو تێئۆریی گشتی لەسەر لەدایکبوونی زمانەکان هەیە:

١. لەزمانێک زمان، یا زمانگەلێک لەدایکدەبن، وەکوو ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە لە زمانی هیندو ئەورووپاییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

٢. چەند زمان پێکەوە دەخزنە ناو یەکەوەو زمانێک پێکدێنن، وەکوو ئەوەی لە سێنیگالدا داڕێژرا.

تئۆری ئەوەڵ سروشتییەو زمانیش خۆی خواستی بەرەو جودایی هەیە، بەڵام تئۆری دووەم دەستکردی ئینسانییەو تا ڕادەیەکیش ڕەنگو بۆی سروشتی هەیەو لەم سەدانەی دواییەدا بۆ پڕۆژەی میللەت – دەوڵەت سازی دەستپێکردو لە قۆناغی پێشکەوتووتردا بۆ کلۆنیالیزمی زمانییو لە ئاستێکیتردا بەناوی جیهانی یەک زمانیی دابین کراوە.

**بەپێی ئاماری ڕاگەیەندراوی یونیسکۆ:**

ئێستا نزیک بە (٧٠٠٠) زمان لە دونیادا هەیە، لە ساڵی (١٩٩٩)دا (٦٠٠) زمانو لە ساڵی (٢٠٠١) دا (٩٠٠) زمانو لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (٢٥٠٠) زمان لە مەترسی لەناوچووندانو بەرەو فەوتان دەڕۆن. بەپێی ڕاگەیەندراوێکیتر نزیک بە (٦٩١٢) زمان مەترسی فەوتانیان هەیە. گرینگی بابەتەکە تاڕادەیەک بوو کە ساڵی (٢٠٠٨) یان بەناوی پاراستنی زمانەکان لەلایەن (UN)ەوە ناونراو لەهەموو دەوڵەتەکان، لایەنە خێرخوازەکانو... داخوازی کرا کە بۆ پاراستنی زمانەکان هەوڵ بدەن. جێی سەرنجە کە ئەو شوێنانەی کە جۆربەجۆری (تنوع) زمانی زۆرترە فرەتر زمانەکان بەرەو نابوودی دەڕۆن.

زمانی کوردی، بەلقە جۆراوجۆرەکانییەوە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتەوە لە پلەی (٤٠)ەمین زمانی زیندووی دونیایە، بەڵام بەداخەوە دەبێ بڵێم هەر کام لە زمانەکانی کوردی (کە دیالێکت یا لەهجە یا زاراوەیان پێئنو

دەڵێن) لە ڕێژەی ئەو زمانانەن کە بەرەو فەو وپێشکەوتن بەرەودواوە (واپسگرایی) دەڕۆن. هۆکارەگەلی ناوخۆیی نەتەوەیی، دەوڵەتەکان، دەسەڵاتو ئابووری، پرژو بەربڵاوی ناوچەییو ئاستی خواری خوێندەوارییو فێرنەکارییو نەپەروەردەییو.. لەلایەکو سەرکوتی زمانە زلهێزەکان لە پرۆسەی گلۆبالیزم (بەجیهانی بوون) لە لایەکیترەوە، پەرتەوازەییو لاوازیی بەرووخساری زمانی کوردییەوە ئاشکرایە. نامەوێ نائومێدی بخەمە دڵەوە، بەڵام ڕاستییەکە کە دڵ دەلەرزێنێتو دەبێ پێش خەسارکەوتن تەگبیروڕایەکی گشتیو زانستیانەی بۆ بکرێ.

ئاماژە بکەم بە نەرێتێکی خێرخوازانە: بەداخەوە ئەوەی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو وانەکانی کەلاسەدا لەلایەن نووسەرانەوە دەنووسرێ نە تەنیا نەیانتوانیوە خوێنەری نوێو کەم خوێندەوار بۆ نووسراوەکان ڕابکێشێت، بەڵکو لە زمانی خوێندنو

نووسین بێزاریشیان دەکات، دەبێ بڕوامان بەوە بێت کە بابەتی نووسراوەکان لەگەڵ ئاستی خوێندەواردا بگونجێت، وا نەبێ خوێنەرەکان بە زمانی زگماکیان پەروەردە کرابن‌و ڕاهاتبن، بۆیە پێشنیار ئەوەیە کە زمانی نووسین تا دەکرێ سادەو ساکار بێت.

سەدەی بیستەم‌و دوا سەدەکانیتر سەدەکانی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەرهەنگی‌و شۆڕشەکانن، سەدەکانی ترازان لە دونیایەکی بەستراوەو سونەتییەو پێنانە ناو دونیای بازو بەربڵاوی مودێرن‌و پەسامودێرنە کە ئەمە خۆی لە چەمکو قۆناغی جیهان شمولی‌و گلۆباڵدا خولاسە دەکاتەوە. سنووری مرۆڤەکانی دونیای ئەمڕۆ بەهۆی تەکنۆلۆژییەوە شکاوەو مرۆڤی ئەم سەردەمەو داهاتوو سنوورەکان بەلایانەوە بێواتایە هەر بۆیە سنووری فەرهەنگو زمانەکانیش کەمترو کەمتر دەبێتەوە.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانەکان (کە بەهۆی پەیوەندی مرۆڤەکانەوە لە دونیای مودێرندا پێش دێت) وەکو فەرهەنگەکان کار دەکەنە سەر یەکتر. ئاڵۆزی زمانیش بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئاستی گرژو ئاڵۆزی دونیایەک بەناوی مودێرن‌و پەسامودێرن کە لە پێشماندایە. ئەو زمانەی کە ئیمکانی مانەوەیان هەیە بەناچاری لە ناوجەرگەی ئاڵۆزیدان‌و دەبێ پەیتا پەیتا دەست بدەن بەکاژ (دگردیسی) خستن‌و چ لە ڕووی دەروونییەوەو چ لە ڕووی دونیای دەرەوەیـان، دەبێ ئیمکانی نوێ‌و نوێتر بۆ بێژەرەکانیان بڕەخسێنن. زمانێ دەمێنێتەوە کە بتوانێ بەشێوەگەلێ گونجاو لەگەڵ ڕەوتی زەمەندا سازگار بێت.

زمانێ کە دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری‌و زانستی‌و.. پشتیوانی بێت زمانێکی بەتواناو هێزدارە. لەم ڕوانگەوە زمانەکان دەکرێن بەدوو دەستەی باڵاو بەهێزو ژێرو بێ هێز. لە کارکردنە سەر یەکتر زمانە بەهێزەکان بە فراوانییەکی زۆرەوە کار دەکەنە سەر زمانە بێهێزەکان. زانست‌و تەکنۆلۆژی‌و ئابووری لە دەسەڵاتی ئەمڕۆدا قسەی ئەوەڵ دەکەن، بۆیە ئەو زمانانەی کە ئەم سێ فاکتەرەیان هەبێ زمانانی زیندوو و پێشکەوتوون. (ئەوەی کە بە زمانی ئینگلیسی، ئاڵمانی، فەرانسەییەوە دەیبینین).

سورعەت‌و توندی ڕاگەیاندن‌و پەیوەندی کۆمەڵگە زمانییەکان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا وای بەزمانە لاوازو بێدەسەڵاتەکان کردووە کە لە ناو گەردەلوول‌و شەپۆلی لافاوی زمانەکانی بەهێزدا نوقم و ونبن.

زمان کەرەستەی بەدەستهێنان‌و گەیشتن بەئامانجە، کاتێ نەتوانێ کەلێن‌و بۆشاییەکانی ژیانی بێژەرو کۆمەڵگە زمانییەکەی بەدیبهێنێ، بێژەرو کۆمەڵگە ناچارن وازی لێ بێنن‌و لە زمانێکی دیکە کەڵک وەربگرن تا پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دابین کات.

لەلایەکی دیکەوە زمانەکانی هێزدار نە تەنیا خزمەتێکی زۆریان بەکۆمەڵگەی زمانی خۆیان کردووە، بەڵکو خزمەتی گشت مرۆڤایەتییان کردووە تا بەشەر هەمووی پابێتە ناو دونیای نوێوەو بەهرەمەندبێت لە دەستکەوتەکان. لە سێبەری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، کۆمەڵگە پێشنەکەوتووەکانیش ڕێگەی بەرەوپێشچوونیان گرتووەتەبەرو هەنگاوەکانیان نزیکتربووەتەوە.

زمانە لاوازەکان بۆشایی وشەکانیان لە زمانەکانی بەهێز پڕدەکەنەوەو وامیان لێ وەردەگرن، گەرچی ئەمە خاڵێکی ناخۆشە لەلایەن پارێزەران‌و دڵسۆزانی زمانەوە، دەبێ بڵێین ئەگەر هەر بەربەستی ئەم کارەش (کە کارێکی نەکراوەیەو ناشودەنییە) بگیردرێت، خودی زمانەکە چی دەکات‌و تۆ چیی بۆ دەکەیت کە ئەو کەموکوڕی‌و ناتەواوییە پڕببێتەوە؟

چاوێ بخشێنین بەم وشەو کۆمەڵە وشانەی خوارەوە کە ئەمڕۆ لە ناو زمانی کوردیدا بەفراوانی لەلایەن گشت چینە بێژەرەکانی کوردەوە (لە منداڵەوە بگرە تا پیر) بەکاردەبرێن‌و بوونەتە موڵکی زمانی کوردی گەرچی ئەو وشانەیان لە زمانە بیانییەکانەوە وەرگرتوون.

لیستی وشەو کۆمەڵە وشەکان لە بواری:

١. دەواو دەرمان: ئامپوول، سورەنگ، کەپسوول، دوکتۆر، کیست، ویتامین‌و..

٢. ئامرازەکانی تەکنۆلۆژی: سی دی، ئینتێرنێت، مۆبایل، کلیک، چەت، فاکس، کەیس، مانیتۆر، میمۆری، سەتەلایت، فلاش.

٣. زانستە سروشتی‌و مرۆڤایەتییەکان: ئۆکسیژن، میتالیک، کاربۆن، نوستالیژی، مودێرنیزاسیون، ڕیفراندۆم، ڤالانتاین، کلۆنیالیزم. و... (هتد).

گەرچی ئەو زمانانەی وەکو ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و.. کە وشەکانیان ڕەوانەی زمانەکانی دیکە دەکەن بەلای زۆر کەسەوە ڕەوتێکی ناخۆشەو بەهێرش‌و داگیرکردنی نوێی زمانی دەزانن‌و ڕێگەی کلۆنیالیزەکردنی گەلانی دیکە دەبینن‌و دەیژمێرن. (ئەمەش تارادەیەک ڕاستەو هۆی سەرەکی لە ناوچوونی زمانەکانە)، بەلام مرۆڤ لە بواری زمانەوە لەگەڵ دوو شتدا ڕووبەڕووەو دەبێ خۆی لەگەڵیاندا بسازێنێ:

١. پێویستی بە ئەو ئامرازو کەرەستانەو چەمکانەی کە ڕۆژانە دەکەونە بەردەستی‌و بۆ ژیانی کەڵکی لێ وەردەگرێ تا ژیانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش بڕواتو بۆ ئەو هەموو کەرەستانە چ ماددی بن یان چ غەیری ماددی (مەعنەوی) دەبێ وشەیان بۆ تەرخان کاو لە بارەیانەوە گفتوگۆ بکات.

٢. بەناچاریی دەبێ یا وشەی کەرەستەو چەمکەکانی زمانی سازێنەری زمانێکی دیکە وەربگرێ لە برێ لە وشەکانی پێشووی زمانەکەی خۆی واز بێنێ یان دەبێ دڵسۆزانە بۆ ئەو ئامانجە هەوڵو تەقلا بدات. (دەیشزانین کە وشەکان لەگەڵ کەرەستەو چەمکەکانیان بەر لەوەی کە کاریان بۆ بکرێ لە ناو کۆمەڵگەی زمانیدا جێی خۆیان دەکەنەوە).

پێشتر ئاماژە کرا بەزمانی بەهێزو بێهێز، زمانی بەهێز ڕۆژ بەڕۆژ خۆی نوێ‌و زیندووتر دەکات‌و دەسەڵاتی فرەتر ئەبێ‌و زمانە بێهێزەکان دەخاتە ژێر چەتری خۆیەوەو بەرتەسکتریان دەکات، ئەنجامی ئەم ڕەوتە ئەوەندە دەڕواتە بەرەوە کە زمانە بێهێزەکان توانای نوێ هێنان‌و خوڵقاندنیان نامێنێ‌و بێژەرەکانیشیان کە بەلاوازیی‌و نەداریی زمانەکەیان هەستدەکەن، لە ڕووی دەروونییەوە لە زمانی ئەوەڵیان بێزار دەبن‌و بەشێوەیەک بەرەو زمانی دووەم دەکشێن‌و حاشا لە زمانی ئەوەڵیان دەکەن‌و بۆ بەرەکانی دوایی زمانی دووەم دەکەنە زمانی ئەسڵیان کە ئەمە لە زانستی زمانیدا پێی دەڵێن خۆکوژی زمان لەلایەن بێژەرانەوە.

مردن‌و لەناوچوونی زمانی یەکڕا ڕوو نادات، بەڵکو بەپرۆسەی هێمن‌و ئارامانەی گۆڕینەوەی زمانیی‌و پاشان بەخۆکوژیی‌و زمانییەوە ئەنجام دەدرێت.

مەرگی زمانی شایەد ئەوە لە بیری بیسەرەکانیدا پێکبێنێ کە کۆمەڵەی زمانی یەک زمان هەموویان بەهۆی ڕووداوی سروشتی یا ئینسانییەوە لە بەینچووبن. (گەرچی ئەم شێوەیەیش لە مێژوودا ڕوویداوەو بەناوی ژینۆسایدی زمانیی ناو دەبرێ. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بەژینوسایدی بوومییەکانی ئافریقاو ئوسترالیا لە لایەن داگیرکەرانی ئەورووپاییەوە).

ئەمرۆ کۆمەڵکوژی کەمتر یا بە گشتی ڕوونادات ئەی بۆچی ئەم هەمکە زمانە بەرەو مەرگ دەڕۆن؟ وەلام ڕوونە، مەرگی زمانی زۆرتر بەشێوەی گۆڕینەوەی زمانیی‌و خۆکوژی زمانییەوە پێش دێت.

زمانی زاڵ چ داسەپاوی دەوڵەتانێ بێت کە مافی زمانی نەتەوە ژێردەستەکانیان پێشێل دەکەن‌و چ زمانی زانستی‌و بەهێزی دونیای بەرەو یەک زمانیی ئەمرۆ بێت لەبەین بەرێ زمانەکانی دیکە کە هەلی پێشوەچوونیان بۆ نەڕەخساوە دێنە ئەژمار.

کاتێ بێژەر زمانێکی دیکە جگە لە زمانی ئەوەڵی بۆ زانستەکان، ئەدەبیات، فەرهەنگ، سیاسەت‌و.. بەخواستی خۆی یا بەناچاری بەکاردەبات ئایا ئەمە کوشتنی زمان نییە؟ ئایا بێژەرەکان زۆرتر

هان نادات بۆ گواستنەوەی زمانیو حاشای زمانی خۆیانو خۆکوژی زمانیی؟

بەم وتانە ئەمە دەخاتە مێشکمانەوە کە زمانەکان لە ڕەوتێکدان کە هەموویان لە ژێر باڵی زمانەکانی دیکەدا دەتوێنەوەو لە ناودەچنو دونیا بەرەو یەک یا چەند زمانیی دەڕواو ئەویش ڕەنگە زمانی زاڵی ئێستەی دونیای ئینگلیزیو چەند زمانێکی دیکەن دەمێنن. ئەمە هەر ئەو تئۆری یەک زمانەیە کە بۆ دونیای مۆدێرن داڕێژراوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم تئیۆرییە گەرچی ڕاستییەکانی ئینکار ناکرێت، بەڵام لە دونیای دوای مۆدێرن (پۆست مۆدێرن)دا تا ئەندازەیەک دەشکێت، چونکە بەشێوەهایەکی دیکە زمانەکان هەلیان بۆ ڕەخساوە بۆ ئیفادەو کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتێک کە پێشتر نەیانبووەو ئێستا لەبەرژەوەندییاندایەو دەتوانن خۆیان بیبووژێننەوە. (وەکو کەرەستەکانی ڕاگەیاندنو ئینتێرنێتو گۆڤارو ڕۆژنامەو..).

لە پێشەوە بەڕووبەڕووبوونەوەی زمانەکان لە دونیای ئەمڕۆدا ئاماژە کرا کە زمانەکان لە بەرابەر یەکدییەوە دەستەیەکیان هێزدارنو دەستەیەکیدی بێهێزنو زمانەکان دەستدەدەن بەخۆکوژیو گواستنەوەی زمانیان.

لە بەرەنگاری زمانەکاندا شێوەیەکیتر هەیە کە زمانەکان دەتوانن بمێننەوەو هەنگاو بەهەنگاوی زمانەکانیتر پابنێنە بەرەوەو پێشکەوتووبن. بەو مەرجەی کە بتوانن ببوژێنەوەو زانستیانە کاریان بۆ بکرێو ڕۆژانە بکرێن. لە ڕووی زانستی زمانییەوە دەکرێ تا ئەو ڕادەش زمانێکی مردوو دیسان زیندووبکرێتەوە، بەڵام زمان ئەو کاتە ماناو واتای هەیە کە دەستکردی نەبێ (وەکو زمانی ئێسپرانتو)و تایبەتمەندییەکانی هەستو عاتیفەو کارکەردو ڕۆڵی پەیوەندیو خوڵقاندنی ئەدەبیاتو.. هەبێو زیندوانە لە دەست بێژەرەکانو لەسەر لێوانو لە ناخی دڵەوە بێتو لە ناو گەلدا برەوی بێت.

بمانەوێو نەمانەوێ زمانی (زمانەکانی) کوردی لە بەراوردی زمانەکانی دیکەوە زمانێکی بێهێزە لە بواری زانستی، دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریو...هوە.

نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێز کە بتوانێ یەکگرتوویەکی زمانیی پێکبێنێ، گەورەترین خەساری بەم زمانە گەیاندووە.

دووەمین خەسار بەهۆی سروشتی کوردستانەوەیە کە وڵاتێکی کوێستانیو سەخڵەتو پڕ لە شاخو دۆڵەو نەیهێشتووە زمانێکی یەکگرتووی سروشتی پێکبێ. نە تەنیا یەک زمان پێکنەهاتووە، بەڵکو کوردستان مەڵبەندی کۆمەڵە زمانێکە کە جیاوازیان تا ڕادەیەکە کە هەست بەیەک ڕیشەییان ناکرێ.

زیانی ئینسانیو نا ئینسانیش با بمێنێ کە چەندنو چیان بەسەر زمانەکانی کوردیدا هێناوە، گەر سەیری مێژوو و ڕابردووی زمانی (زمانەکانی) کوردی بکەین، دەزانین کە دەیەکی ئەوەی بەسەر ئەم زمانەدا هاتووە ئەگەر بەسەر هەر زمانێکدا هاتبایا، دەبوایە لە موزەکاندا بەشوێنیدا بگەڕیایان.

جێی خۆشحاڵییە کە زمانی کوردی تا ئێستا بری کردووەو پێی ناوەتە دونیای نوێوەو تواناییو قابیلیەتی دونیایەکی نوێی هەیەو دەتوانێ زمانێکی بەڕۆژ بێتو ئاسۆیەکی ڕوونی لەناو زمانەکاندا هەبێتو بووژاندنەوەی نوێخوازانە بەخۆوە ببینێ.

پاککردنو نوێکردنەوەی زمان دوو کاری گرینگی پێوەرکردنی زمانن، گەرچی بۆ زمانی کوردی بزووتنەوەی پاککردنەوەی زمان بەناوی پەتیگەری (ناب گرایی) بۆ ماوەیەک لە دەیەکانی (٤٠و ٥٠)وە کاری کردو تا ڕادەیەک پێشەوەچوو، بەڵام بەزەربەیشی لە ئەو وشانەی کە لە زمانەکانی ترەوە وەرگیرابوونو ببوون بەموڵکی زمانی کوردی وەشاند، بەڵام بۆ نوێکردنەوەی زمان کاری زۆر کەم کراوەو دەبێ لەم بوارەدا هەنگاوی جیدی هەڵبگیرێت.

بۆ نوێکردنو پاککردنەوەی زمانی کوردی دوو گرفت لە پێشدایە:

١. زمان دەبێ قابیلیەتو توانایی وەرگرتنی

چەمکو بابەتە نوێیەکانی لە تەواو بوارەکاندا هەبێت.

٢. زمان دەبێ پێیەکی لە ڕابردوودا بێو پایەکی لە ئێستاو داهاتوودا بێت، بەم مانا کە بتوانێ بەڕاگرتنی هەستیو چێەتیو ئیمکاناتی ڕابردوویو ئێستەی گۆڕانو نوێبوونەوەی هەبێ لە داهاتوودا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو دوو گرفتە دەبێ چی بکرێ؟ دەتوانین کاکڵەی ئەو دوو گرفتە گۆڕانکاری زمان بەیانکەین. بۆ چارەسەریی دەبێ بەزانستی خودی زمانەوە بچینە بەرەوە.

بەرگیری لە گۆڕانکاری زمان کارێکی مەحاڵەو ناکرێت، چونکە ئاڵوگۆڕی زاتو سروشتی زمانە، گەرچی لەڕابردوودا زمانناسی سوننەتی وەها حەولو تەقلایەکی بێ ئامانجیان کردووە.

دەبێ بزانین لە زماندا کام بەش زۆرتر تووشی گۆڕان دەبێو کام بەش کەمتر؟

بەگشتی زانستی زمانناسی سێ بەشی جیاو پەیوەندیداری بەیەکەوە هەیە:

١. سیستەمی دەنگناسیو فۆنێتیکناسی[١].

٢. سیستەمی ڕێزمان [٢] بەدوو بەشەوە:

* سەرف[٣].

* نەحو[٤].

٣. سیستەمی مانا ناسی[٥].

لە نێوان بەشەکانی زماندا (نە زمانناسی) وشە بەنیسبەتی بەشەکانی دیکە زۆرترو خێراترو بەئاسانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

وشەو ڕستە لە زماندا، ڕۆحی زیندوو و مردوویی زمانن، بەم واتایە کە لە دایکبوونو خولقاندنو مەرگو میر لەم بەشەی زماندا ڕوودەدەن.

وشە لەلایەک بەدیهێنەری ڕستەیەو لە لایەکیترەوە زاوزێو خەلاقییەتو مردن لەم بەشەدایە، هەر بۆیە وشە لەبەشەکانیتر زۆرتر جێگەی سەرنجو لێکۆڵینەوەیە.

گوترا کە وشەکان زۆرترین گۆڕانیان بەسەردا دێتو دەزێنو دەشمرن:

سەرنج بدەنە ئەم وشانە لە زمانی کوردیدا؟

١. دیمەک، تیرەک، تیرەهێش، هەسێڵ، بۆڕبۆڕە، دەلاقە، بانجێڵە، ستاتی، پەستوو، یەغان، کلکەوانە، هاڵ، شەوە، مێردەزمە، فڕ، زامبووکێ، بەفر، کەروێشک، پەپوولە، لاگیرە، دیوەخان، مشتیلە، هێش، شەنو..

٢. هاڵ، پەنجەرە، ئێستەخر، چەمەدان، ئەنگۆشتەر، بەهارخەو، شەڕواڵ، بەرف، خەرگووش، پەروانە، ماهوارە، شنا، و..

٣. قانوون، حوکم، ئەولیا، سەعات، نیزام، حەیا، عوود، تەلا، عەتر، تاریخ، شیعرو..

٤. قشقەرە، بەیاخ، قەڵغان، یاپراخو..

٥. کۆمپیۆتەر، ئینتەرنێت، سی دی، دیسک، تێرمۆلۆژی، چت، ئیمەیل، فاکس، پۆزێتیڤو نێگاتیڤ، کلیک، هەند، فووتباڵ، گرامێر، مۆرفۆلۆژی، ڤالانتاین و..

٦. گۆڤار، بەرژەوەندی، ئەرێنیو نەرێنی، کرتە، مێژوو، ڤیان، ڕۆژین، ئەوین، هۆنراوەو..

دەستەی ئەوەڵی ئەم وشانە لە زمانی کوردیدا کەم ڕەنگ دەبنو بەرەو مردن دەڕۆنو بڕێکیشیان مردوون، دەستەی دووەمو سێهەمو چوارەم وشەی زمانەکانی فارسیو عەرەبیو تورکین کە پێشتر هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو دەستەی پێنجەمیش وشەی زمانە بەهێزەکانی ئەم سەردەمەن کە هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە، دەستەی شەشەم ئەو وشانەن کە لە ڕابردووی زمانی کوردیدا نینو لە زمانەکانی دیکەیشەوە وەرنەگیراون، بەڵکو لە خودی زمانی کوردییەوە دروستکراون.

بە بەراوردی وشەکان لە ٦ دەستەی بانەوە بۆمان دەردەکەوێ:

١. وشە ڕەسەنەکانی کۆنی زمانی کوردی بەرەبەرە کەم ڕەنگتر دەبنو بەتایبەت لە سەرزاری بەرەی نوێوە بەکار نابرێنو ڕۆڵی بەکارهێنانیان (خاسیەتی کاربردی) تا دێت کەمترو کەمتر دەبێتەوە.

٢. زۆرێ لە وشەکانی زمانە بیانییەکان لە ڕابردوودا هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە لەگەڵ دەنگو فۆنێتیکو ڕێزمانو مەعنای زمانەکە

گونجاون‌و جێی خۆیان له‌ زمانه‌كه‌دا كردووه‌ته‌وه‌و بوونه‌ته‌ موڵكی ئه‌م زمانه‌و كراسی كوردییان به‌ به‌ركراوه‌، ده‌بێ به‌چاوی بیانه‌وه‌ مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا نه‌كه‌ین، زمان ته‌نیا زمانی چینێكی تایبه‌ت‌و خوێنده‌وارنییه‌، به‌ڵكو له‌ زانستی زمانیدا زمان هه‌ر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌ كۆڵان‌و شه‌قام‌و بنه‌ماڵه‌كاندا به‌كارده‌هێنرێ.

٣. برێ له‌ وشه‌كان له‌م سه‌ده‌و ده‌یه‌كانی دواییه‌داو له‌داهاتوویشدا به‌فراوانی بێ بناغه‌و ئه‌ساسی وشه‌ وه‌رگرتن هاتوون و دێنه‌ ناو زمانه‌كه‌مانه‌وه‌ كه‌ زۆرێكیان بوونه‌ته‌ ڕیشه‌كه‌نكه‌ری وشه‌كانی ڕه‌سه‌ن زمانه‌كه‌ كه‌ ئه‌مه‌ جێی نیگه‌رانییه‌، ده‌كرێ له‌به‌رانبه‌رو زاروی ڕه‌سه‌نی كوردی بۆ ئه‌و وشانه‌، كه‌ڵک بگرین، برێكیشیان ده‌بێ وه‌ربگیرێن، چونكه‌ ده‌بینین كه‌ به‌رانبه‌رو وێنه‌یان بۆ ئه‌و چه‌مكه‌ نوێیانه‌ له‌ زمانه‌كه‌ماندا نین.

٤. زمانی كوردی توانای به‌دیهێنه‌ری له‌ بواره‌ جۆراوجۆره‌كاندا هه‌یه‌و ده‌بێ به‌پشت به‌ستن به‌زانستی زمانناسییه‌وه‌ له‌لایان خوێنده‌واران‌و بنكه‌ خێرخوازه‌كانه‌وه‌ هه‌وڵی بۆ بدرێ.

دێمه‌وه‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ وشه‌ ڕۆڵی گرینگ‌و زۆری له‌ زماندا هه‌یه‌و ئه‌و به‌شه‌یه‌ له‌ زماندا كه‌ زووترو زۆرتر زیان ده‌بینێت، ئه‌مه‌ لای خوێنده‌وارو نه‌خوێده‌واریش ئاشكرایه‌و نیگه‌رانیش به‌نیسبه‌تی ئه‌م بابه‌ته‌ له‌ لای هه‌موانه‌وه‌ ده‌بیسرێت و ده‌وینرێت.

بۆ وشه‌ چیبكه‌ین‌و چی ده‌بێ بكرێت؟

له‌ زمانناسیدا لێكۆڵینه‌وه‌ له‌سه‌ر وشه‌ له‌ سه‌ر ئه‌ركی به‌شی سه‌رف (مۆرفۆلۆژی) ڕێزمانه‌.

### ئامانجی لێكۆڵینه‌وه‌ی وشه‌كانی زمانی كوردی چییه‌؟

وه‌كو پێشتر گوترا وشه‌كانی زمان زۆرترین ئاڵۆزو گۆرانی به‌سه‌ردادێت‌و ئه‌مه‌ش سه‌ره‌تای ئاڵۆزو گۆرانی به‌شه‌كانی مه‌عنا، فۆنێتیك‌و نه‌حوی ڕێزمانه‌، به‌لێكۆڵینه‌وه‌ی وشه‌كان ده‌توانین خاڵه‌كانی لاوازو به‌توانای زمان بناسین‌و بۆ چاره‌سه‌ركردنی لاوازی زمان باشتر هه‌نگاو هه‌ڵبگری‌و كاری بێت بۆ ده‌ربازكردنی زمان له‌ مه‌ترسی فه‌وتانی.

بۆ ئه‌م كاره‌ ده‌بێ وه‌ڵامی ئه‌م پرسیارانه‌ به‌ده‌ست بێنین:

١. ساختمانی وشه‌ی[٦] زمانی كوردی به‌چ شێوه‌یه‌كه‌؟

٢. پرۆسی وشه‌سازی[٧] (وشه‌ ڕۆنان) له‌ زمانی كوردیدا چۆنه‌؟

٣. ئایا زمانی كوردی توانای وشه‌سازی بۆ بواره‌ نوێیه‌كان هه‌یه‌؟

٤. ده‌وڵه‌مه‌ندیی‌و هه‌ژاریی له‌ وشه‌ی زمانی كوردیدا له‌چ بوارو بابه‌تێكدایه‌؟

به‌رله‌وه‌ی وه‌ڵامی پرسیاره‌كان بدرێته‌وه‌ ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كه‌م كه‌ له‌ هه‌ر زمانێكدا بزووتنه‌وه‌یه‌كی زمانیی هه‌یه‌ كه‌ وشه‌ نوێیه‌كان له‌سه‌ر بناغه‌و قه‌واعیدی حاكم به‌سه‌ر وشه‌كانی پێشووی زمانه‌وه‌ دروستده‌بن. ئه‌م به‌شه‌ به‌توانای وشه‌سازی زمان ئاماژه‌ ده‌كات.

* بۆ نموونه‌ ده‌توانین له‌ چاوگی (خوێندن) ئه‌م وشانه‌ی خواره‌وه‌ دروستبكه‌ین: خوێنه‌ر، خوێندنگه‌، خوێندكار، خوێنده‌وار، نه‌خوێنده‌وار، ناخوێنێ، ده‌خوێنێ، خوێندنم‌و...

* یان ده‌توانین به‌پاشگری (وان) ئه‌م وشانه‌ی خواره‌وه‌ بسازێنین:

باخه‌وان، ماله‌وان، پاسه‌وان، ده‌ریاوان، گاوه‌وان‌و..

* به‌پێشگری (دا) ده‌توانین ئه‌م وشانه‌ی خواره‌وه‌ دروستكه‌ین:

داماڵین، داخستن، داكه‌وتن، دانین، داچنین، داگرتن، داخزان‌و...

### وه‌ڵامی پرسیاره‌كان:

١. مۆرفۆلۆژی وشه‌كانی زمانی كوردی له‌ ڕابردوو و ئێستادا به‌م شێوه‌ن:

وشەی سادە:

* وشەی ساکارو سادە(٨) کە لە یەک تاکوشە[٩]ی سەربەخۆ[١٠] پێکهاتوون وەکو: ئاو، بەڕوو، هێمن، کچ، ناسک، تیشک، هەتاو، باش، کەوش، هەنگ، خۆر، پیاڵە، قالاو، نێزە، کۆمەڵو...

وشەی ناسادە:

* وشەی داڕێــژراو[١١] کە لەیەک تاکوشەی سەربەخۆو یەک یا چەند تاکوشەی بەستراوە[١٢] (گر) پێکهاتوون. وەکو: ناپاک، بێ بەها، ناجۆر، ناپیاو، ناپیاوانە، شادمان، شادمانی، ڕاوچی، ڕاوکەر، ناسکی، شیرینی، پیاوەتی، کچایەتی، ناسکۆڵە، گردەڵە، تەپۆڵکەو...

* وشەی لێکدراو[١٣] یا تێکەڵاو کە لە دوو یا چەند تاکوشەی سەربەخۆ دروستدەبێ وەکو: شەرەفنامە، کتێبخانە، چایخانە، بەردێ، پشتدێ، سەرتاش، سەرتاشخانە، چــوارڕێ، سێ پێ، مێژووناس، ئاسەوارناس، زمان چەور، چای پاڵ، ڕوو ڕەش، ناو چاو تاڵ، ڕیش چەرموو، داربەڕوو، بارام ئاوا، خۆفرۆش، ئەوسا، ئەوکات، کۆترباز، ڕەشماڵو...

* وشەی لێکدراوی داڕێژراو[١٤] کە لە دوو یا چەند تاکوشەی سەربەخۆو یەک یا چەند تاکوشەی بەستراوە دروست دەبێ، یانێ هەم داڕێژراوو هەم لێکدراوە، تا ئێستا لە زمانناسانی کورد کەسێک بەم زاراوە ئاماژەی نەکردووە، بۆ نموونە د.ئەورەحمانی حاجی مارفو کەسانی دیکە تەنیا زاراوەی لێکدراویان بۆ ئەم وشانە بەکارهێناوە. سەیری ئەم وشانە بکە: بەردە ڕەش، گفتوگۆ، هاتو نەهات، وتووێژ، نەزانکاری، بنەماڵە، پاشەڕۆژ، زمانناسی، جوانە ژن، خۆفرۆشی، وشکەجاو، فەرمانبەری، سێ دارە، ڕێ ڕۆشنەوکەرو...

لە زمانی کوردیدا سێ جۆر گر[١٥] (بەند) هەیە کە لە ساختمانی وشەکاندا بەکاردەبرێنو بریتین لە:

پــێشــگــر[١٦] وەکـــو: نــا+پــیــاو= نــاپــیــاو، نە+هات=نەهات، بێ+باک=بێ باک، ڕا+ماڵ=ڕاماڵ، دا+خستن=داخستن.

نێوانگر[١٧] وەکو: جوان+ە+ژن=جوانەژن، گــــفــــت+و+گــــۆ=گــــفــــتــــوگــــۆ، ڕێ+ڕۆشن+ەو+کەر=ڕێڕۆشنەوکەر.

پاشگر[١٨] وەکو: ســێ+دار+ە=ســێ دارە، تاڵ+ی=تاڵی، ئاسن+گەر+ئاسنگەر، زان+ا=زانا.

٢. وشە ڕۆنان (وشەسازی لە زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە:

زمانی کوردی وەکو خێزانە زمانیەکانی دیکەی هێندوئەورووپایی لە باری وشــەوە زمانێکی تێکەڵاوی تاکوشەکانە هەر بۆیە وشەکانی بەچوار دەستەی سادە، داڕێــژراو، لێکدراوو لێکدراوی داڕێــژراو دابەش دەکرێنو گرەکان بەشێوەی پێشگر، نێوانگرو پاشگر لە پێکهێنانی وشەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن.

لە پرۆسەکانی دیکە وەکو: وەرگرتن لە زمانەکانی دیکە (وام گیری)، سەر وشەسازی، وەرگێران، نوێ هێنانو... بۆ وشەسازی کەڵک وەردەگرێ، سەیری ئەم وشانەی خوارەوە بکەن:

وەرگرتن لە زمانەکانی دیکەوە: شەمەندەفەر، دیکۆر، فۆلکلۆرو... (فەرانسەوی)، زاڵم، ڕۆحو... (عەرەبی)، قەرەباڵغ، قشقەڕەو... (تورکی)، چاپکەر، پەروانە، مووشەکو... (فارسی)، سەماوەرو... (ڕووسی)، کەیس، ڕادارو... ٠ئینگلیزی)و...

سەر وشەسازی: پچدک= (پارتی چارەسەری دێموکراتی کوردستان)، پاک= (پارتی ئازادی کوردستان).

وەرگێران: پۆزێتیڤو نێگاتیڤ= ئەرێنیو نەرێنی، مشتق= داڕێژراو، هێلیکوپتێر= باڵەفڕ، شتر مرغ= وشتر مەل، چەمک= مەفهوومو مەوزووع، کرتە= کلیلک، کاتژمێر= سەعاتو...

نوێ هێنان: ڕۆژانو ڕۆژین، هەژارستان، لانەوازان، ئەندازیاری، زانکۆ، زانستگا، پاڵێوراو، خولەک، بێژەر، بینەر، بیسەرو...

٣. زمانی کوردی توانایەکی ئێجگار باڵاو تایبەتی هەیە بۆ بەرابەر سازی وشەی زمانەکانی دیکە

له بواره جۆرەکاندا، هەر بۆیە گەر پشتیوانییەکی زانستیو ئابووریو سیاسی لێبکرێ دەتوانێ پا بەپای زمانەکانی دیکە بۆ وشەسازی هەنگاو هەڵبگرێ.

٤. وشەی زمانی کوردی لە بوارە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لە بواری چەمکە زانستییەکانو تەکنۆلۆژیای نوێوە نەدارو هەژارە.

ئەگەر بڵێین کە زمانێکی دەوڵەمەندمان هەیە کە توانای خۆسازی لەگەڵ ئەمڕۆو داهاتوودا هەیە درۆمان نەگوتووە، بەڵام دەبینین ئەم زمانەمان بەهۆی کەمتەرخەمی خۆمان لە ڕێژەی ئەو زمانانەیە کە لاواز دەبێتو مەترسی لە بەینچوونی هەیە، هەر بۆیە لە هەموو دڵسۆزان داوا دەکرێت کە ئاوڕێ لە زمانەکەیان بدەنەوەو بەخۆیاندا بێن گەر زمان بەگەورەترین خاڵی شوناسی نەتەوەیی دەزانن.

* کارناسی باڵای زمانناسییە لەسنە.

**پەراوێزەکان:**

Phonological/ Phonetics system.١

Grammar system.٢

Morphology system.٣

Syntax system.٤

Meaning system.٥

Morphology.٦ساختواژی

Word formation.٧ واژەسازی

Simple word.٨

Morpheme.٩ تکواژ

Free morpheme.١٠ تکواژ ازاد

Derivation word.١١ تکواژ وابستە

Bound morpheme.١٢ تکواژ وابستە

Compound word.١٣ واژەی مرکب

Compound-Derivation word.١٤ واژەی مشتق-مرکب

Affix.١٥ وند

prefix.١٦ پیشوند

Infix.١٧ میانودن

suffix.١٨ پسوند

**سەرچاوەکان:**

**منابع فارسی:**


١. داریوش اشوری، باز ازندیشی زبان فارسی، نشر مرکز، عهران ١٣٧٢.

٢. ----------، زبان باز، نشرمرکز، تهران ١٣٨٧.

٣. روبگر اشمیت، زبانهای ایرانی، ترجمە حسن رچایی باغ بیدی، نشر ققنوس، تهران ١٣٨٢.

٤. ارال تراسک، تحول زبان، دکتر ارسلان گلفام، نشر دانشگاە تهران، ١٣٨٢.

٥. بابا شیخ حسینی، هامشی بر زبانشناسی، نشر ژیار سنندج، ١٣٨٠.

٦. دکتر علی رخزادی ، اواشناسیو دستور زبان کردی، نشر ترفند، تهران ١٣٧٩.

٧. ناصر قلی سارلی ، زبان فارسی معیار، انتشارات هرمس، ١٣٨٧.

٨. علی اشرف صادقی، مقالەی تنوع گویشها در ایران، مجلەی بخارا شمارە ٦٣.

٩. احمد قاچی، دستور زبان کردی، صلاح الدین ایووبی ارومیە، ١٣٦٧.

١٠. مصطفی کاوە، زبان شناسیو دستور زبان کردی لهجەی سقزی، احسان، ١٣٨٤.

١١. دکتر غلامحسین کریمی دوستان، کردی ایلامی بررسی گویش بدرە، انتشارات دانشگاە کردستان، ١٣٨٠.

١٢. جوورج یول، بررسی زبان، ترجمەی محمود نور محمدی، نشر رهنما، تهران ١٣٨٢.

**منابع کردی:**


١٣. د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لە زمانی کوردیدا، انتشارات سەلاحەدین ایوبی ورمێ ١٣٦٧.
١٤. د.شێرکۆ بابان، ڕێزمانی کەسی سێیەمی تاک، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٤.
١٥.-------- نەخشەی ڕۆنانی ڕیژەی کار، ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
١٦. د.ئەورەحمان حاجی مارف، بەرهەمە زمانەوانییەکانم (نتاجاتی اللغویە)، سلێمانی ٢٠٠٥.
١٧.----------- ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆژی، ناو، بەغدا ١٩٧٩.
١٨. حوسێن محەمەد عەزیز، سەلیقەی زمانەوانیو گرفتەکانی زمانی کوردی، کارۆ سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٩. پروفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول، بۆ زمان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانیە، ٢٠٠٥.
٢٠. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی، چوارچرا، ٢٠٠٧.
٢١. د.جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، ئاڵمان، ١٩٧٦.
٢٢. د.محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بغداد ١٩٨١.
٢٣.گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد ساڵانی ١٩٧٣ تا ١٩٨٠.


**منابع ئینگلیزی:**


٢٤.Katanba, francis and John Stonham, Morphology, London.٢٠٠٦